## بزماریک لە ریزی پێشەوە ............خالیدمەجیدفەرەج

سالأنێک لەمەو بەر مەسئولی دائیرەیەک  شەش مانگی ڕەبەق پاش ئینتیافزە وێنەکەی بابا سەدام کە پێش قلّپ بوونەوەی بارودۆخ بە ژوور سەریەوە ئەبێ هەر لای نابا، پێیان ووتبو جەناب دام و دەزگا شرٍەکەی سەرکردەی مێژوویی لە کوردوستان شاربەدەر کرا، ئەلّێی دلّت نایە عەکسی وەلی نیعمەتەکەت لابەری.ووتبووی هێشتا رەبتمان بە مەرکەزەوە ماوە وکێ ئەلّێ بەیانی نایەتەوە ؟ کاتێک کۆمەلّێ گەنجی گومرا لەپێشنیوەڕۆیەکی خۆبەسەری و لام سەلایی دا بێ سەلام و ئیکرام و بێ پرسی جەبهەی کوردوستانی، خۆیان ئەکەن بە ژوورەکەیاو بە قۆنەرەکانیانەوە ئەکەونە سەرمێزەکەی و وێنەکەیی سەقر ئەلعروبە رائەکێشنە خوارەوە، ئەوبزمارەی وێنەکەی پێ هەلّواسرابوو ئەکەوێتە خوارەوەو بە رگوێچکەی ئەکەوێ جەناب لەترسی ئەو رۆلّە لاتولەوارو شۆرشگێرانە تەنها ئاخێک نەبێ هیچی تری نە توانیبوو هەلّبکێشێ . بەلأم پاش رۆشتنی "تاوان باران" ئەیکاتە هاتو هاوار و دادو بێداد لەو بێنیزامی و فەوزایەی کە راپەرین دروستی کردوە ،و ئەلّێ دە فەرموو وێنەی سەرۆکیان بردو تەبعی جوتێ بنە پاتەیان لەسەر مێزەکە بۆ بەجێ هێشتوم ،کوانێ ریز ،کوانێ ئیحتیرام، سەد خۆزگەم بە جاران؟هەر ئەو مەسئوولە کاتێک کە هەموو شار رێپوانی ئەکرد بۆ پشتگیری لەمانگرتووەکان ،دایەرەکەی ئەویش بەهیمەتی چەن بێ گوێیەک تێکەلّ بەو رێپێوانە ئەبن، ووتیان جاسوسی خوی دواخستون تابزانێ کێ موزەفە گوێ رایەلّکانی هان داوە و لەخشتەی بردوون ،تاوەکو بچن بۆ ئەو رێرۆیشتنە، هەر بۆ بەیانی دوان لەو گێرەشوێنانە بە بەرچاوو گوێی بەرەی کوردوستانی ئەوعانەوە نەقلّ ئەکا. پێیان ووتبو گوناحت ئەگا ئەوانە خۆ بۆ دزی نەچوون، فەرموو بووی کونیەی خۆم  لای حکومەی مەرکەزی بۆ ئەم گالّتە منالانەیەی کەناوتان لێ ناوە کوردایەتی پیس ناکەم . لەم ماوەیەدا ئەو مەنسوولەم بینی لەسەر شاشەی رەنگاو رەنگ لە تەک کۆمەلّێ لە مەنسولینی ترەوە ،لەوریزە دانیشتبوو کە عادەتەن

بۆ موحتەرەمەکان تەرخان ئەکرێ، چەپڵەی بۆ ووتارێکی پر لە کوردایەتی و شەرەف و خۆ بەخت کردن ئەکوتی، ووتم عەجەب! ووتیان کاکی برا ئیشی باشە بۆ نەیکوتێ چەنی لە نیزامی بائید وەرگرتووە چوار ئەوەنەش لەمان نەک هەر ئەوە بەڵکو چەن دەرەجەیەکیشیان بۆ هاویشتۆتە سەر ئەو دەرەجانەی کە پێش ئینتیفازەی موبارەک هەیبووە .
ووتم دیارە مورتاحە بەم وەزعەی ئێستای کورد ، وتیان ئەی بێ قەزابی ئەلعان یەکەمین مودافیعە لێی! پێش ئەوەی بچمە ناو جێگاوە ووتم نەوەکا ئەم شەو لەداخا بتۆپم، دووکەلیمە وەسیەتم بۆ منالّکان نووسی، تیایا فەرمووم: کورە شیرینەکەم کچە جوانەکەم ئەگەر جارێکی تر کورد پێویستی بە شۆرش بوو گەردنتان ئازا ناکەم ئەگەر لەریزی پێشەوەی خاینان و وەتەن فرۆشانەوە نەبن.